
# کورد، جوجکە هەتیوەیە!

## مەرەخەسکردنی بکوژانی د. قاسم لۆ و د. فازیل ڕەسوڵ و عەبدوڵای قادری و د. شەرەف کەندی بۆ؟

**جیهاد موحەمەد**



جوجکە هەتیوە بەو جوجەڵە مریشکە دەوترێت کە دایکی مرداربۆتەوە و هەتیو کەوتووە، ئەم جوجکە هەتیوە هەر کە دەچێتە ناو جوجکەکانی ترەوە بە هەموو گەلە کۆمەکێی لێدەکەن و بەر دەنوکی دەدەن، دایکی نەماوە تا بە نەیاری جوجەڵەکەیدا هەڵشاخێ و بە چرنوکە تیژەکانی بەرگری لە مافی جوجەڵەکەی بکات و نەیەڵێ بێناز و ژێرچەپۆک بێت.

کورد ئەمڕۆ لە جیهانی بە ناو مۆدێرن و یاسا و بەهاکانی مافی مرۆڤ و یەکسانی نێوان دەوڵەتان وڕاگرتنی سەنگی یەکسانی نێوان مافی نەتەوەکاندا بە یاساکانی نێونەتەوەیی، بووە بە قوربانی و وەک ئەو جوجکە هەتیوە بەر دەندوک دەدرێت! وا پێدەچێت کورد هەر لە بوونیەوە دایکی نەبوبێ ، هەر بۆیەش خۆی لە ناو خۆیدا دڵڕەق و بێبەزییە، نەبوونی دایک منداڵ بێبەش دەکات لە باوەشی گەرموو سۆزی دایکایەتی ، بێبەش بوون لە باوەشی گەرمو گوڕ و لاوەندنەوەی کۆرپەیەتی دەبێتە فاکتەرێک بۆ دڵڕەقی و نەبوونی بەزەیی، کورد ئەگەر خۆی خاوەن بەزەیی بوایە بەرامبەر بە خۆی، دوژمنانی نەیان دەتوانی لە ناو خۆیدا شەڕی خۆ کوژی و کورد کوژی بە دەستی خۆیان دروست بکەن. دوژمنانی کورد کەڵکی سەرەکیان لەوە وەرگرتوە کە کورد خۆی خۆشناوێت و بە بەزەیی و بە سۆز نیە بەرامبەر  خۆی، بۆیە زۆر بە ئاسانی دەتوانرێت تۆوی دووبەرەکی و دوژمنایەتی بچێنرێت لە نێوان کوردەکان خۆیاندا، لەسەر زوڵم و زۆریەکانی کە لە کورد دەکرێت کورد خۆی چاوی لێدەنوقێنێ وقوڕوقەپی لێدەکات و بێدەنگی هەڵدبژێرێت، ئاگرە سورە لە خۆم بەدوورەی کردووە بە ڕێسایەکی قێزەون بۆ خۆی و گرنگ ئەوەیە ئاگرەکە ئەمڕۆ نەگاتە ماڵی من! ماڵی هاوسێکەم با کوردیش بێت گرنگ نیە چونکە هاوسێی دەستی باکورمە یان باشورمە یان ڕۆژهەڵاتمە یان ڕۆژئاوامە. هەربۆیەش کەس شەرممان لێناکات و کەسیش بەزەیی بە کوردا نایەتەوە!!

ئەوەتا بەبەر چاوی هەموو یاسا نێونەتەوەیەکانەوە و ئۆرگانە بەرزەکانی جیهانی مافی مرۆڤەوە زوڵم و زۆری زەق دەکرێت لە کورد و بکوژەکانی بە ئاشکرا و بێشەرمکردن لە هیچ یاساو ڕێسایەکی نێونەتەوەیی و بە هاوپەیمانێتی دوژمنانی کورد لەگەڵ دەوڵەتە زلهێزەکانی وەک ئەڵمانیاو نەمسادا و لە پێناوی پاراستنی بەرژەوەندی و چاوچنۆکی کۆمپانیا سەنعەتی و بازرگانیەکانیان ئەو بکوژانەی کە دەستیان سورە بە خوێنی د. قاسم لۆ و د. فازیل ڕەسوڵ و عەبدوڵای قادری لە نەمسادا مەرەخەسیان دەکەن و بە فرۆکەو پاسەوانی تایبەتی دەیاننێرنەوە بۆ لای دوژمنە سەرسەختەکانی کورد، ئەمڕۆش دوای تێپەڕ بوونی ڕوداوی دڵتەزێنی یەک لە دوای یەکی شەهید بوونی ئەو شاسوارانەی ڕێگەی خەبات و تێکۆشان تەنها لە پێناوی ئەوەی کە بە جیهان ڕابگەیەنن کە کورد وەک هەموو نەتەوەکانی تری ئەم جیهانە نەتەوەیەکی دەیان ملوێنیە و مافی ژیانی هەیە لە سەر خاک و ئاو و ئەو زێدەی کە هەزاران ساڵە لەسەری دەژین، بکوژەکانی شەرەفکەندی قارەمان، بە بەرچاوی کامێرەکانی ڕۆژنامەنووسان و میدیاکانەوە

بەردەدرێن و خۆیان بە فرۆکەی تایبەتی دەیاننێرنەوە بۆ لای حیزبولڵای لوبنانی و ڕژێمی هەتا سەر ئێسقان دوژمن بە مرۆڤی کورد و کوردستان.

کورسیە سێقاچەکەی بەردەمی کۆمسوێنی باڵای نەتەوە یەکگرتوەکان لە جنێڤ چی دەگەیەنێت!



ئەو کورسیە زەبەلاحەی کە بەرامبەر بە سەدان ئاڵای دەوڵەتان لەسەر 3 قاچ ڕاوەستاوە و دەمەتر باڵایەتی، قاچی چوارهەمیان شکاندووە!!، ئەمەش هێمایەکی هەڕەشە ئامێزی لە خۆگرتووە، هەر دەوڵەتێک! کورسی سەرۆکایەتیەکەی تەنها 3 قاچی لە ژێردایە و قاچی چوارهەم ئەوەتا لە ژێر دەسەڵاتی نەتەوە یەکگرتوەکاندا!، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە دەوڵەتان دەبێت ئەوە بزانن حکومیان پێناکرێت ئەگەر لە یاساو ڕێسای نێو نەتەوەیی دەربچن!، بەڵام ئایا ئەم دەسگا گەورە یاسایی و سیاسیە جیهانیە، نێونەتەوەییە؟ یان نێودەوڵەتیە؟ ئەگەر نێونەتەوەییە! بۆ چەندین نەتەوەی ئەم جیهانە هەیە مافی پێشێلدەکرێت و زوڵمی لێدەکرێت، وەک کورد کە ئەنفال دەکریت ،کیمیاباران دەکرێت خەباتگێڕانی دەکوژرێت، دەچەوسێنرێتەوە و خاکەکەی دابەشکراوە بە سەر دەوڵەتاندا بە پەیمانی نێودەوڵەتی وەک پەیماننامەی لۆزان، بۆ ؟ بۆ یەک جاریش ئەم ئۆرگانە نێو نەتەوەییە نەهاتە گۆ و وشەیەک لە دەمی دەرنەچوو دژ بە پێشێلکاریەکانی مافی کورد لە هەموو جیهاندا. ئەمە ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە کە ئەم ئۆرگانە پارێزەری قازانجە بێشومار و لە بن نەهاتوەکانی کومپانیا دەوڵەتیەکانە، بە هەزاران و ملوێنان مرۆڤ لەم جیهانەدا بمرن لە برسا و بکوژرێن و جینۆساید بکرێن و لە ناوببرێن نەخۆشی سەرەتان و ئایدز بیانکرۆژێ، جینۆساید بکرێن وەک کورد! بۆ جارێکیش قسەی لەسەر ناکرێت چونکە قسەکردن لەسەری دەبێتە زەرەر و زیانی نێو دەوڵەتی و دەوڵەتە زلهێزەکانی جیهان. ئەمەیە ڕاستی مافی مرۆڤ و یەکسانی و پاراستنی مافی نێونەتەوەیی کە بانگەشەی بۆ دەکرێت.

ئەمەیە ڕاستی یەکێتی نێودەوڵەتی نەک نێونەتەوەیی، دەوڵەتە یەکگرتوەکان، نەک نەتەوە یەکگرتوەکان، کورد بۆیە بێدایکە چونکە دەوڵەتی نیە تا بچێتە ڕیزی نێودەوڵەتانەوە و ببێت بە ئەندام لە بەنا و نەتەوە یەکگرتوەکاندا!

11.12.2007